کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-6-2007 14:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەیاننامەیەک سەبارەت بەدەستگیرکردنی پەیامنێرێکی ڕۆژنامەکەمان ... ڕۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ**

ڕۆژی 6/26 پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ بەناوی (ناسح عەبدولڵەحیم) لەشاری هەڵەبجەی شەهید دوای نوسینی وتارێك لەسەر پێشمەرگە دێرینەکان و بڵاوکردنەوەی لەماڵپەڕی کوردستان پۆستدا لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراوە بەتۆمەتی سوکایەتی کردن بەپێشمەرگە دێرینەکان و دوای تۆمار کردنی داوایەك لەلایەن کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانەوە بڕیار دەدرێت 10 ڕۆژ تەوقیف بکرێت.
ئێمە لەڕۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ دەستگیرکردنی ئەو پەیامنێرەی ڕۆژنامەکەمان ئیدانە دەکەین و بەئاستەنگێکی تری بەردەم ئازادی ڕۆژنامەوانی دادەنێین و داوا دەکەین بە زووترین کات ئازاد بکرێت.
لەهەمان کاتدا داوا دەکەین کە ئەم ڕووداوە ڕێڕەوی یاسایی بگرێتە بەرو یاسا بڕیاری خۆی بدات، چونکە نوسینەکەی ناسح گەر تەشهیرو سوکایەتیشی تێدا بێت بۆ پێشمەرگە دێرینەکان، نابێت بکرێتە پاساوی ئەوەی ئاسایش ناوبراو ڕاپێچی ئاسایش بکەن و دەستگیری بکەن، بەڵکو ئەوە ئیشی دادگاو پۆلیسەو هەمووانیش باش دەزانین ڕێ و شوێنە یاساییەکان چین. بۆیە ئێمە ئەوە بەکارێکی ناتەندروست و دەست درێژییەکی نارەواو پێشلکارییەکی تری حکومەتی هەرێم دەزانین و بۆیە پێویستە حکومەت ڕاستەوخۆ پێداچوونەوە بۆ ڕۆڵی ئاسایش بکات و چیتر سوکایەتی بەیاسا و ڕۆژنامەنووسانیش نەکات.
هاوکات ئێمە سەرمان لەوە سوڕ دەمی کە بۆچی هەموو کات ئاسایش وا بەخێرایی لەسەر خەتن بۆ دەمکوت کردنی ڕۆژنامەنووسان و پێشێل کردنی یاسا، لەو لاشەوە نیگەران دەبن بەوەی کەرێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەپێشلکاری یاساو مافەکانی مرۆڤ تۆمەتباریان دەکات.
ئێمە تەواوی هەوڵەکانی خۆمان دەخەینە گەر بۆ ئازاد کردنی (ناسح عەبدولڵەحیم) و سەرجەم سەنیکاو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەناوەو دەرەوەی وڵات ئاگادار دەکەینەوەو داوا دەکەین بەزووترین کات ناوبراو ئازاد بکرێت و بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

ڕۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ
سلێمانی 2007/6/26

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.